**بەش: زمانی کوردی**

**کۆلێژ: پەروەردە/ شەقڵاوە**

**زانکۆ: سەلاحەددین**

**بابەت: پراگماتیک**

**پەرتووکی کۆرس – قۆناغی چوارەم**
**کۆرسی دووەم**

**ناوی مامۆستا: د.هیوا أحمد عصاف**

**پلەی زانستی: مامۆستا**

**ساڵی خوێندن: 2024 -2025**

# ڕێبەری کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | پراگماتیک |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | هیوا أحمد عصاف |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی پەروەردە/ شەقلاوە |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل:<br>Hewa.assaf@su.edu.krd<br>hiwaassaf@yahoo.com |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ٣ کاتژمێر تیۆری |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ڕۆژانی شەممە، دووشەممە، چوارشەممە |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایلی مامۆستا | – بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدیین ٢٠٠٥-٢٠٠٦.<br>– ماستەر لە زمانی کوردی لە زانکۆی سەلاحەددین ٢٠٠٩.<br>– گۆڕینی ناونیشان لە (مامۆستای یاریدەدەر)ەوە بۆ (مامۆستا) لە ٢٠١٢.<br>– دکتۆرا لە زمانی کوردی(پراگماتیکس) ٢٠٢٢.<br>– وەرگرتنی ناسناوی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) لە ٢٠٢٣.<br>– نووسین و بڵاوکردنەی چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی.<br>– دوو کتێبی بڵاوکراوەی هەیە. |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | پراگماتیک، پراگماتیزم، کردە قسەییەکان، گریمانە پێشەکییەکان، نیشانکارەکان، دەرکەوتەکان، زمانی میڵتۆن، کاپیتیشن |

**١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**پێناسەی بابەت: پراگماتیک زانستی لێکۆڵینەوەیە لە بەکارهێنانی زمان. لە زمان دەکۆڵێتەوە لە دۆخی بەکارهێنان و بە دەوروبەرەوە دەیبەستێتەوە. ئەم بابەتە کۆرسێکە لەبارەی ئەو زانستە و بنەما و بوارەکانی دیاردەکات.**

**گرنگیی بابەت: پراگماتیک ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیانی مرۆڤ و بەکارهێنانی زمانەیوە هەیە، بۆیە خوێندنی پراگماتیک یەکێکە لەو بابەتە زیندووانەی سوودی کردارەکی بۆ قوتابی هەیە و فێری وردەکانی زمان و کارامییەکانی بەکارهێنانی زمانی دەکات.**

**١١. ئامانجەکانی کۆرس**

**ئامانجی بابەت: ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە ئەوەیە:**

**١- قوتابی دوای تەواوبوونی کۆرسەکە زانیارییەکی گشتیی لەبارەی زانستەکەوە هەبێت. هەروەها خاوەنی تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی ورد بێت بۆ زمان و کەرەستە و یاساکانی بەگشتی و ئاستی پراگماتیک بەتایبەتی .**

**٢- کۆرسەکە هەوڵێکە بۆ ناساندنی زانیتی پراگماتیک و بەستنی زانستی زمان بە خودی مرۆڤ و کەتوارەوە. هەروەها بۆ شارەزابوون بە مێژوو و بنەمای زانستەکە، لەگەڵ بەستنەوەی زانساتەکە بە فەلسەفەی بەکارهێنانی زمانەوە. ئامانجمان ئەوەیە، دوای کۆرسە قوتابی ئاشنای زانستەکە و بابەتە پەیوەندیدارەکانی بەم زانستە بووبێت. هەروەها بیرکردنەوەی بەگشتی و خوێندنەوە و تێگەیشتنی بۆ زمان بەتایبەتی قوڵتر و فراوانتربێت، بابەتەکە زمان دەبەستێتەوە بە کۆمەڵ و کەتوارەوە.**

**٣- قوتابی ببێتە خاوەن کۆمەڵێک بنەمای زانستی لەم بوارەدا تاکو بەهۆیەوە بتوانێت لێکۆڵینەوە لە بوارەکەدا بکات و پەرە بە بوارەکە و تواناکانی لەو بوارەدا بدات.**

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

**بەگشتی پێویستە قوتابی پابەندی ئەم خاڵانە بێت:**

**١- ئامادەبوونی بەردەوام لە پۆلدا.**

**٢- سەرنجدان و بەشداریکردن لە وانەکاندا.**

**٣- ئامادەبوون لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا.**

**٤- خوێندنەوەی بەشێک لەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بابەتە دیاریکراون.**

| |
|---|
| **٥- نووسینی ڕاپۆرت یان پێشکەشکردنی سیمینار لە چوارچێوەی بابەتەکەدا بە مەبەستی بەهێزبوون لە بابەتەکە. بەتایبەتی ئەو قوتابییانەی لە تاقیکردنەوەکان نمرەی خراپ بەدەستدەهێنن.** |
| **١٣. ڕێگەی وانەوتنەوە**<br>**- سەبارەت بە ڕێگای وانە وتنەوە، ئەم بابەتە پێویستی بە بەکارهێنانی ڕێگای (وانەبێژی+پرسیار و وەڵام+گفتوگۆ+ ئیستقرائی، ئیستنتاجی) هەیە.**<br>**- لە کەرەستە و هۆیەکانی فێرکردن، وانەکە پێویستی بە (تەختە و ماجیک، داتاشۆ) هەیە.** |
| **١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**<br>**- لە ماوەی کۆرسەکەدا (٢-٣) تاقیکردنەوە دەکرێت بە نووسین هەر تاقیکردنەوەیەک لە سەر (٢٠) نمرە دەبێت و دواتر تێکڕا لە سەر (٤٠) دەردەهێنرێت و وەکو نمرەی کۆشش دادەنرێت.**<br>**- ئەو قوتابییانەی ڕاپۆرت یان سیمینار پێشکەش دەکەن، نمرەی زیادەیان بۆ دەخرێتە سەر نمرەی کۆشش.** |
| **١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**<br>**بابەتەکە چەند ئامانجێک دەپێکێ:**<br>**یەکەم: ئامانجی گشتی: قوتابی زانیاری پەیدا دەکات لەسەر بابەتەکە و دەبێت بە خاوەنی زانیاری و لێهاتووییەک سەبارەت بە زمان و ئامادەبوون بۆ کاری مامۆستایی.**<br>**دووەم: ئامانجی تایبەتی:**<br>**أ- ئامانجی مەعریفی: قوتابی ئاشنا دەبێت بە بەشە بابەتەکانی پراگماتیک، کردە قسەییەکان، نیشانکارەکان ...هتد.**<br>**ب-ئامانجی ویژدانی: قوتابی لایەنگری و خۆشەویستیی بۆ وانەکە بە گشتی و بەشە وانەکان پەیدا دەکات و زەوق و سەلیقەی ئەوەی دەبێت کاتیان بۆ تەرخان بکات و خۆی پێیانەوە خەریک بکات.**<br>**ت-ئامانجی ڕەفتاری: قوتابی دەتوانێت لە کاتی پێویست و لە کاتی بوون بە مامۆستا یان وانەوتنەوەدا سوود لە زانیارییەکانی وەربگرێت و بەکاریانبهێنێت. هەروەها وەکو لێکۆڵەر بنەغایەکی مەعریفی سەبارەت بەو بابەتە هەبێت.** |
| **١٦. لیستی سەرچاوە**<br>**بە زمانی کوردی:**<br>- دیوی، جۆن(٢٠١٩). فێرگە و کۆمەڵگا، و.جیهاد موحەمەد، چاپی یەکەم،<br>- چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.<br>- خەباز، نەجوا(٢٠١٦). چۆن دەست بەسەر بیری خەڵکیدا دەگریت، و.مەشخەڵ کەولۆسی، چاپی دووەم، چاپەمەنیی گەنج، سلێمانی.<br>- عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی پراگماتیک، هەولێر، ٢٠١٦. |

- ـــــــــــــ(٢٠١٤). زانستی پراگماتیک، ناوەندی ئاوێر، چاپی دووەم، هەولێر.
- ـــــــــــــ ب(٢٠١٤). پراگماتیکی دەق و گوتار، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ـــــــــــــ(٢٠١٥). پراگماتیک و ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- عەلی٢، شێرزاد سەبری(٢٠١٣). ڕازیکردن د گوتارا ڕامیاریدا- ڤەکۆلینەکا پراگماتیکییە، چاپا ئێکێ، چاپخانە پارێزگەها دهۆکێ، دهۆک.
- ـــــــــــــ(2014). پراگماتیک، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- فەتاح، محەمەد مەعروف(2010). لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ـــــــــــــ(2011). زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- توفیق، قەیس کاکل(1995). جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی ئاداب.
- کەمال، دیار عەلی(٢٠٠٩). گوتاری سیاسی کوردی لە ڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، هەولێر.
- محەمەد، بەهار زایەر(2021). میکانیزمەکانی ئارگۆمێنت لە داڕشتنی هەواڵدا(ڕاگەیاندنی بینراو و ئەلیکترۆنی) بە نموونە، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی.

**بە زمانی عەرەبی:**

- أحمد مختار عمر، علم الدلالة, الكويت, ١٩٨٢.
- جون لاينز, اللغة و المعنى و السياق, ت.عباس صادق الوهاب, بغداد, ١٩٨٧.
- **اوستين (١٩٩١). نظرية أفعال الكلام العامة، ترجمة: عبدالقادر قينيني، أفريقيا الشرق.**
- **اوشان، علي ايت(٢٠٠٠). السياق والنص الشعري من البنية الى القراءة، الطبعة الاولى، مطبعة النجاح الجديدة، دار البيضاء.**
- **بلانتان، كريستيان(٢٠١٠). الحجاج، ت.عبدالقادر المهيري، المركز الوطني للترجمة، سحب٢، تونس.**

- يمس، وليام(٢٠٠٨). البراجماتية، ت.محمد علي العريان، المركز القومي للترجمة، القاهرة.
- حمداوي، جميل(٢٠١٥). التداوليات وتحليل الخطاب، الطبعة الاولى، مؤسسة الالوكة(الالكتروني).
- ختام، جواد(٢٠١٦). التداولية– اصولها واتجهاتها، الطبعة الاولى، دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع، عمان.


| ناوی بابەت | هەفتە |
|---|---|
| - ناساندنی کۆرسبووک<br>- ئاستەکانی واتا | هەفتەی یەکەم |
| - پراگماتیک<br>- ڕیشتەی پراگماتیک | هەفتەی دووەم |
| - بوارەکانی پراگماتیک<br>- کردە قسەییەکان | هەفتەی سێیەم |
| - جۆرەکانی کردەقسەییەکان<br>- کردەی ڕاپەڕاندن و ناڕاپەڕاندن | هەفتەی چوارەم |
| - کردەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ<br>- کردەکانی ڕستەی هەواڵدان<br>- کردەکانی ڕستەی پرس<br>- کردەکانی ڕستەی فەرماندان | هەفتەی پێنجەم |
| - گریمانە پێشەکییەکان<br>- گریمانە پێشەکییەکان و پاشخان<br>- کەوتنی گریمانە | هەفتەی شەشەم |
| - جۆرەکانی گریمانە پێشەکییەکان<br>- نیشانکارەکان | هەفتەی حەوتەم |
| - گرنگیی نیشانکارەکان لە ئاخاوتن<br>- جۆرەکانی نیشانکارەکان<br>- نیشانەی کەس<br>- نیشانەی شوێن<br>- نیشانەی کات | هەفتەی هەشتەم |
| - دەرکەوتەکان<br>- جۆرەکانی دەرکەوتە<br>- دەرکەوتە و لۆجیک | هەفتەی نۆیەم |

| | |
|---|---|
| - بنەمای هاریکای لای گرایس<br>- بنەمای هاریکاری و دەرکەوتەکان | هەفتەی دەیەم |
| - کاپیتیشن<br>- بیری ئاگایی و نائاگایی<br>- میکانیزمەکانی کاپیتیشن | هةفتەی یانزدەیەم |
| - زمانی میلّتۆن<br>- میکانیزمەکانی زمانی میلّتۆن | هەفتەی دوانزدەیەم |
| - ڕووبەندی | هەفتەی سیَزدەیەم |
| - یوفیمیزم | هەفتەی چواردەیەم |

پرسیارەکان:

پ١: پراگماتیک چۆن دەبەستیتەوە بە فەلەسەفەی پراگماتیزمەوە؟ ڕوونی بکەوە.

پ٢: ئەم دەقە چ کەرەستەیەکی نیشانکاری تێدایە دەریبهێنەوە و جۆرەکەی دیاربکە:

(من دوێنیَ لەم بەر ژووورە تا ئێوارە مامەوە تا دەرمانەکەیان بۆ هێنام هەر ئەتلامەوە)

پ٣: مەبەست چییە لە بنەمای چەندێتی لە ئاخاوتندا(لای گرایس)؟ لادان لەو بنەمایە چی دەهێنێتە ئاراوە؟